# له ڕۆژی جیهانی ژناندا: پەیامێك بۆ ژنانی كوردستان

سەیران تەها ئەحمەد
زانكۆی ئێكزیتەر/ بەریتانیا

بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنانەوە ، لەم بۆنە تایبەتیەدا لەگەڵ ڕێزو ستایشمان بۆ ژنانی كوردستان لە هەر پارچەیەكی كوردستاندا بن ، وەلەر شوێنێكی ئەم جیهانەدا ژیان بەسەردەبن ، وە بە تایبەتی بۆ دایكی شەهیدان و ژنانی ئەنفال ، وە هەر لەم ڕۆژەدا بوارمان بۆ دەرەخسێت بۆ چاوپیاخشاندنێك بەو دەستكەوت ومافانەی ژنان بەدەستیان هێنابێت، كە چ ڕۆڵكیان بینیبێت لە پێشخستنی كۆمەڵگادا وە یاخود ئەو ئەركە هەنووكەییە گرنگانە چین كە ژنان دەبێت كاری جدی بۆ بكەن، وە لە هەمان كاتدا دیاری كردنی ئەو ئاستەنگانەی لەبەردەم پرۆژەو كارەكانی ژناندا چین؟ ڕەنگە گرنگترین پرسیار كە لە ژنانی كارا و وە ڕێكخراوەكانی ژنان بكەین لەم ڕۆژەدا ؟ تا چەندخۆیان بە نوێنەری ڕاستەقینەی ژنان دەزانن؟ بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا ژنان بەسەرجەم چین و توێژەكانیانەوە بە جیاوازی بیر و بۆچوون و ئاستەكانیانەوە تاچەند ئەم ڕێكخراوەكانە بە نوێنەر و خەمخۆری خۆیانیان دەزانن؟ ئایا ڕێكخراوەكان كاران دەتوانن ببن بە پشت و پەنای ڕاستەقینەی ژنان لە بەدیهێنانی داخوازیەكانیاندا؟ بۆمان هەیە بپرسین تا چەند ئەم ڕێكخراوانە توانیویانە سەركەتووبوون لە بەدیهێنانی گۆڕانكاری لە دیاردە دزێوەكانی كۆمەڵگادا، هەقە بپرسین كە ئایا ژنان نەگەیشتونەتە ئەو ئاستەی یاخود ئەو توانایەیان نیە ببنە گرووپی فشار؟ بۆ بنبڕكردنی دزێوترین دیاردە كە خۆی لە كوشتنی ژناندا دەبینێتەوە، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ساڵ بە ساڵ گروپ و ڕێكخراوەكانی ژنان لە زیاد بووندایە، لە هەمان كاتدا دیاردەی كوشتن و ئەتك كردنی ژنانیش لە بەرزبوونەوەدایە؟ ئێستا ژمارەی ڕێكخراوەكانی ژنان لە كوردستاندا لەڕووی ژمارەوە ئەگەر هێندەی ژمارەی حیزبەكان نەبن ڕەنگە زۆرترن بن،؟ وە لەو ماوە زۆرەی كە 16 ساڵە بواری كاری ڕێكخراوەیی فەراهەم بووە هەقە بپرسین كامەیە گۆڕانكارییە جدییەكان لە كاری ڕێكخراوەیدا؟

چۆن ڕوومان بێت ناوی دیموكراتیەت و بەدیهێنانی یەكسانی و دادپەروەری كۆمەڵایەتی ببەین ، كە خنكاندن یان **سوتاندن یان كوشتن و شێواندنی جەستە و فڕێدانی** فەلسەفە و حوكمی كۆمەڵگا بێت؟ كە ژن كوشتن تیایدا نەریتێكی باو بێت، كە ئەمە چارەنووسی ژنانی وولاّتەكەم بێت ؟ زۆر ئەستەمە باس لە گەشەكردنی دیموكراسی و كۆمەڵگای مەدەنی بكەیت كەترسناكترین دیاردە لە كۆمەڵگادا لە بەرزبوونەوەدا بێت، چەند كارەساتە كە ڕۆژانە گوێبیستی ئەم چیرۆكانە دەبین، بەجۆرێك سوكایەتی پێكردن و كوشتن و ئەتك كردنی ژنان ئەوەندە ئاسایی بوە كە بكوژانی ژنان بە بەرچاوی حكوومەت و پەرلەمان ودادگاكانی كوردستانەوە، لەگەڵ بوونی ئەم هەموو ڕێكخراوانەدا، زۆر بە سانایی سەروەری یاسا و هەموو بنەما شارستانی و مرۆییەكان ژێر پێ دەخەن و لاپەڕەیەكی تاریكی پڕ لە شەرمەزاری وبیر تەسكی خێڵەكی دەبەخشنە كۆمەڵگایی كوردەواریی، كە بە كۆمەڵگای ژن كوژەكان كورد بە كۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەناسێنن، دەیسەلمێنن چ كۆمەڵگایەكی ناتەندروستە ، تاوانە بێدەنگ بوون لە ئاست ئەم كارەساتانەدا وە گەورەترین سوكایەتیە بە حكوومەت، بە دیموكراتیەت بەو مەدەنیەتەی بانگەشەی بۆ دەكەن ، لە هەمان كاتدا سوكایەتیە بە هەموو ژنان چونكە كوشتنی ژنێك كوشتنی هەموو ژنانە سوكایەتی كردن بە ژنان سوكایەتیە بە هەموو بنەما مرۆییەكان.

بێگومان ڕێكخراوەكانی ژنانیش وەك هەموو ڕێكخراو و دام و دەزگاكانی تری كوردستان بە دوور نابێت لە پەتای گەندەڵی ؟ بەڵام ئایا دیماگۆجی كاری ڕێكخراوەیی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم ڕێكخراوانە هەر لە سەرەتاوە بە ئیفلیجی لە دایك بوون یاخود پاش تووش بوونیان بە ژێرپەنجەی گەندەڵی تووشی بن بەستی بوون ، تائێستا زۆرێك لە ڕێكخراوەكان نەیان توانیوە جیاوازی لە نێوان كاری ڕێكخراوەیی و حیزبیدا بكەن، لە چوارچێوەی قاڵبێكی حیزبایەتی نەبێت پچوكترین هەڵوێست و هەنگاو نانێن. ڕەنگە ئەمە یەكێك لەو هۆكارانە بێت كە تا ئێستا ڕێكخراوەكان ناتوانن ببنە هێزی فشار و ڕۆڵی ڕاستەقینە ببینن، وە نەتوانن لە هەڵوێستێكیاندا یەكگرتووبن؟ لەئەنجامدا شكستی كاری ڕێكخراوەیی سەرجەم ڕێكخراوەكانی ژنان (بە ناوە جیاوازەكانیانەوە) لێكەوتۆتەوە، كە نەتوانن لە دەرەوەی ڕێكخراوەكان لە فەرمانگا و زانكۆ و خوێندنگاكاندا كاریگەرییان وەك ئاستێكی پێویست هەبێت، بەجۆرێك كە

**لەگەڵ هەر ڕووداوێکی کارەساتباردا ئەو ژمارەی زۆرەی ژنان بجولێنرێت و بهێنرێتە سەر جادە بۆ داواکاری گۆڕانکاری تەنانەت لە دەستور و یاساکانیشدا؟**

**دڵسۆزی حکومەت بۆ ژنان، هەر ئەوەندە نیە چەند پۆستێك بۆ دامەزراندن و ڕەواجی سیاسی ببەخشرێتە ژنان وە یاخود تەرخاندن کردنیسەرمایە بۆ ڕێکخراوەکان بۆ دەرکردنی ئەو ڕۆژنامانەی کە کەمترین ژمارەی خوێنەرییان هەیە (کە بەداخەوە بۆتە مۆرکی تایبەتی زۆربەی زۆری ئەو ڕۆژنامانەی لە کوردستان دەردەچێت) ئاستی لاوازی و بێتوانیان بەرجەستە دەبێت لە کۆکردنەوەی چەند بابەتێکی سایتەکانی ئینتەر نێت ونووسینی چەند کەسانێك لە ڕەگەزی نێرینە کە بابەتیان لەسەر ژنان بۆ دەنووسن گرنگ نیە ئەگەر یەك ووشەش بڕوایان پێی نەبێت یان لە ژیانی خۆیاندا پراکتیزەی نەکەن..**

**بەدەنگەوە هاتنی دەسەڵاتی سیاسی و بڕوابوونیان بە مەسەلەی ڕەوایی مافەکانی ژنان، خۆیی لە گۆڕینی ئەو بڕگە و مادە یاساییانە دەبینێتەوە کە بە ئاشکرا دژ بە ژنان و مافەکانی مرۆڤن، وە نابێت مجامەلەکردنی گروپە ئیسلامیە سیاسیەکان لەسەر حسابی مافەکانی ژنان بێت، بەهەند وەرگرتنی بۆچوونی ژنان لەداڕشتنی دەستور و یاساکاندا، برەودانە بە تواناکانی ژنان و بوار بۆ ڕەخساندن بۆیان لە هەموو ئاستەکاندا بەیەکسانی بەبێ ڕەچاو کردنی پلە و ئینتمای حیزبییان.**

**ئەو ڕاستییەی هەموومان دەیزانین کە بەرزبوونەوەی ئاستی بژێویی و زۆری سەرمایە تەنها پێوەر نین بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا، بەڵکو پێشکەوتن و ڕۆڵی ژنان لە هەمووبوارەکاندا پێوەرێکە بۆ زانینی ئاستی بەرەوپێش چوون و گەشەکردنی کۆمەڵگا،وە پەیوەندییەکی گرێدراو هەیە لە نێوان دواکەوتن و بێبەشکردنی ژنان لە مافەکانیاندا ، چونکە چەوساندنەوەی ژنان manای دواکەوتنی کۆمەڵگایە، وە دواکەوتنی کۆمەڵگاشە کە دەبێتە هۆی چەوساندنەوەی ژنان.**

**ڕاستە ژنان نیوەی کۆمەڵگان بەلاّم کۆمەڵگایەك کە نیوەی جەستەی ئیفلیج کراوە، پەراوێز خراوە لە بەشداری سیاسی و داڕشتنی پلانە ئابوری و کۆمەلاّیەتیو ڕۆشنبیریەکاندا، تەنها لە کرداری خستنەوەی وەچە دەڕوانێتە ژنان، وە بۆ نەهامەتی ژنان ئایین دەکرێتە داردەستێك بۆ داپۆشینی تاوان و ناڕەواییەکان  کە دەرهەق بە ژنان ئە نجام دەدرێن ، ئەم پەراوێز خستنە دەردی کوشتندەی کۆمەڵگای ئیسلامی و جیهانی سێیەمە. کە بێگومان ئەمەش لە ئەنجامدا گەورەترین زیانی ئابوری ئەو کۆمەڵگایانەی لێکەوتۆتەوە.**

**هیچ کاتێك بانگەشە بۆ ئازادی و یەکسانی ژنان مانای داماڵین و هەڵتەکاندنی بنەما ئایینەکان ناگەیەنێت، کە ئەمە کراوە بە بیانوویەك لەلایەن هەندێ گروپ و کەسانی بیر تەسك دژ بە نوێخوازی، کە ئایین دەکەنە ڕووپۆشێك بۆ بەدیهێنانی مەرامی سیاسی، بۆ لە خشتەبردنی خەڵکانی سادە و ڕەواجدان بە دیاردە نامۆ و نامرۆییەکان کوشتنی ژنان حەلال دەکەن، ئەمە زەنگێکی ترسناکە ئەوانەی ئامادەبن دەستیان بچێتە خنکاندنی ڕۆحی نەوەکانیان و کەلتوری میللەتەکەیان بە ناوی ئایین و بەپاساوی جیاوازەوە بسوتێنن هەر ئەو دەستەش دەبێت سبەینی ئامادەبێت پەرلەمان و حکومەت  لە گۆڕنێت؟**

**چارەسەر کردنی کێشە کۆمەلاّیەتیەکان و گەڕانەوەی ئەوەی پێی دەڵێن شەرەف بە کوشتنی ژنان چارەسەر ناکرێت دەبێت چ شەرەف و سەربەرزییەك بە خێزانێك بە عەشیرەتێك بە خێڵێك ببەخشرێت، دەبێت چ جۆرە سەربەرزی و کەرامەتێك بێت کە وەك جەللاد دەستیان دەچێتە گیانی مێینەکانیان و گۆشاوگۆش وەك ئاژەڵ سەریان دەبڕن جەستەکانیان دەشێوێنن، دەبێت ئەو شەرەفە بەچ جۆرە میکیالێك بپێورێت کە نێرینەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەست درێژی کردنە سەر ژنان و سەرگوزشتەی داوێن پیسیان وەك پاڵەوانێتی لە قەڵەم بدرێت و نەتوانرێت لێ پێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، بەجۆرێك ئەمڕۆ هەر تاوانێك بەرامبەر بە ژنان ئەنجام دەدرێت ووشەی شەرەفی دەخرێتە پاڵ بۆ ئەوەی تاوانباران سووکترین سزا پێ‌ببەخشرێت وە یان لە ڕێکەوتنێکی عەشائیریدا بە زەبری پارە یان ژنێکی تر لە بنەماڵەکەیان دەکرێتە قوربانی و لە سزادان ڕزگاریان دەبێت.**

**ئەوە ئەرکی یاسایە کە ڕێگە بە ژیانی هاوسەرێتی نەدات لە خوارتەمەنی یاساییەوە کە ئەمە گەورەترین تاوانە دەرهەق بەو مندالاّنەی کە نەگەیشتۆتە ئاستێکی ژیرییئەوتۆ، بتوانن گەورەترین لێپرسراوێتی هاوسەرێتی و خێزان هەڵبگرن، بەلاّم لەگەڵ هەر پێخزاندنێکیاندا بەبێ لێبوردن زۆر نامرۆییانە دووچاری لەدەستدانی ژیانیان دەبنەوە .**

**ڕاستە کۆمەڵگای کوردەواریی زۆر ڕێز لە بنەما ئایینیەکان دەگرێت، تایبەتمەندێتی خۆیی هەیە وە ناتوانێت خۆی لەو چەمکە بەدووربگرێت ، بەلاّم پاراستنی بەها و بنەماکان بە کوشتن چارەسەر ناکرێت، بەڵکو بە پەروەردەیەکی دروستی خێزان و کۆمەڵگا لەسەر بنەمای ڕستگۆیی و خۆشەویستی، کە بتوانێت تاکەکانی لە ئاستێکی وادا پێ بگەیەنرێت کەڕێز لە کەرامەت و بوونی یەکتربگرن نەك بالاّدەستی تەنها بۆ توێژێك بێت هەڵەکانی بەئازایەتی بۆ لە قەڵەم بدرێت، مامەڵەکردنی ژنان وەك مرۆڤ کە شایستەی پێدانی بوارو گوێگرتن لێی، کلیلی چارەسەری کێشەکانە. هەروەها پێویستە پەروەردە و فەلسەفەی کۆمەڵگا بە هەردوو ئاڕاستە**

ئایینی و هزرییەکاندا لە ئاستی بەرپرسیاریێتیدا بن بەرامبەر بە دیاردە دزێوەکان و گەڕان بە دوای جێگرەوەکاندا، وە لەهەمان کاتدا بەرپرسیاریێتی حکومەتە بەپلەی یەکەم کە بە توندی ڕێگا لە بلاوبوونەوەی دیاردەی قێزەونی لەشی فرۆشی بگرێت و چاوپۆشیان لێنەکرێت بە ناوی ئازادی تاکە کەسەوە، بەڵکو ئەمە دەبێتە هۆی هەڵتەکاندنی بەها و بنەما کۆمەلآیەتیەکان، پێویستە ڕێگا نەدرێت کەسانی بێویژدان و دوور لە ئاکاری مرۆیی لە ناوەوە و دەرەوەی شارەکانی کوردستان بازرگانی و مامەڵە بە ژنانەوە بکەن، کە ئەمەش گەورەترین سوکایەتیە بە ژنان، وە لەڕێگەلادانی گەنج و بلاوبوونەوەی جۆرەها نەخۆشیە سێکسیەکانی لیٚ دەکەوێتەوە.

ئا لەم ڕوانگەیەوە پێویستە هەموو هەوڵەکان لە پێناوی ئەوەدا بنرێت بە یاسا دەست درێژی کردنە سەر ژنان قەدەغە بکرێت ، وە بالآ دەستی یاسا بگاتە دوورترین گوندەکانی کوردستان ، وە بتوانێت ڕاپێچی سەرپێچیکەرانی بکات و توندترین سزایان بەسەردا پسەپێنرێت، ئەم جۆرە کارەساتانە حکومەت و پەرلەمان دەخاتە بەردەم دووڕیانێك کە تەنها بۆیان هەیە یەك ڕێچکە هەڵبژێرێن نەك وەك تەماشاکەر لەنێوان دوولایەندا بن.

لە کۆتاییدا ئەوەی پێویستە بووترێت با یاد کردنەوەی ئەم بۆنەیە لە قاڵبی ڕۆتین و مجامەلە کردن دەربچێت، تەنها سەردانی ڕێکخراوەکان و بەخشینەوەی شیرینی و پێشکەش کردنی چەپکێك گولٚ نەبێت. با لەم ڕۆژەدا بەرزکرنەوەی دەنگی ناڕەزایی و دروست کردنی کەمپەین بێت بۆ بنبڕکردنی دیاردەی نامرۆیی کوشتنی ژنان لە شار و شارۆچکە و گوندە دوورەکانی کوردستاندا، با لەم ڕۆژەدا بکوژانی ژنان بدرێنە دادگا لە هەر پلەیەکی حیزبی و ئاستی خێڵەکیدا بن، با پەرلەمان و حکومەت بەدەر کردنی یاسا و بەتوندی سەرزەنشت کردن و سزادانی تاوانباران پشتیوانی لە ژنان بکەن.